# دووەم پۆرترێتی گۆران



**"شاعیران وەکی پێغەمبەران هەمیشە لەسەر هەقن"**

عەبدوڵلاّ سلێمان (1904–1962) کە لەدنیای شیعرو ئەدەبیاتدا بە(گۆران) ناسراوەو ئەم نازناوەش لەلایەن رەشید نەجیبی شاعیری نوێخوازەوە بۆی هەڵبژێردراوە، یەکێکە لەدیارترین لوتکە شیعرییەکانی ئەدەبی کوردی.

گۆران لەهەڵەبجە لەدایك بووە، لەسەرەتاوە تا رۆژانی کۆتایی ژیانی باروگوزەرانی خراپ بووە. لەهەرەتی لاویدا نوسیوویەتی: "ئاخ مردن، بۆ ناتگەمیّ؟ بەخوا مردن بۆ من بەکامی دڵ گەیشتنەو لەخەم هەڵخستنە.." ئەوە یەکەم نووسینی گۆرانەو لەدوا تەمەنیشدا: کاکەی فەللاح لەکتێبی "کاروانی شیعری نوێی کوردی" دەیگێڕێتەوە: ساڵی 1956 سەرلەنویّ لەبەندیخانەی کەرکوك یەکترمان گرتەوە–مەبەستی لەگەڵ گۆرانە– دەمدی زۆر زیاد لەپێویست گینگڵەی مەینەتیو ناڕەحەتیەك دەدات.. رۆژێك لێم پرسی: ئەوە بۆ ئەوەندە پەستو ناڕەحەتی؟ وتی: پەژارەی منداڵەکانم دایگرتووم. بڕوا بکە ئەوەندەم لەم رووەوە تەنگو چەڵەمەو گیروگرفت هەیە، گرتنو بەندیخانەم لەدەرەوە زۆر لەلا خۆشترە، چونکە گرتنەکەم هەرچەندە سەبارەت بەبیروباوەڕو خەباتو ئاشتیخوازیە، منی لەزۆر ئەرکی باوکایەتی، کە ناتوانم بەجێی بێنم دوور دەخاتەوەو تاڕادەیەکی باش ویژدانم ئاسوودەو دڵنیا دەکات".

بەڵاّم ئایا ئەو بارودۆخەی گوزەران یەك زەڕە کاری کردۆتە سەر هەڵوێستی شاعیرانەی گۆران؟

کاتی بەستنی کۆنفراسی مامۆستایان لەشەقلاّوە داوای مۆڵەتی کردووە لەدائیرەی ئیسکان کە لەویّ فەرمانبەر بووە لەسلێمانی، مۆڵەتیان پیّنەداوەو ئەویش بۆ ئەوەی بەشداری کۆنفراسەکە بکاتو لەویّ ئەو

شیعره بخوێنێتەوه كه بۆ ئەم بۆنەیه ئامادەی كردووه گوێ بەبڕیاری بەڕێوەبەر نادات‌و دەڕوا لەئەنجامدا لەكارەكەی لای دەبەن‌و موچەكەشی دەبڕێ كه تاكه سەرچاوەی ژیانی بووه.

گۆران هەتا لەژیاندا بوو تەنیا دوو دیوانی خۆی بەچاپ گەیاندووه "بەهەشت‌و یادگار"و "فرمێسك‌و هونەر" هەردووكیشیان لەپەنجاكان چاپ كراون، زۆر ئەسەفی بۆ ئەوه خواردووه كه تا لەژیاندایه نەیتوانی هەموو بەرهەمەكانی خۆی چاپ بكات.

بەهۆی زیندان‌و تێكەڵبوونی گۆران لەگەڵ كاری سیاسی‌و خەباتی ئاشتیخوازانەوه دوو ئاراسته لەژیان‌و بەرهەمیدا دەبینین:

هێنانی كۆمەڵێك بابەتی جیهانی بۆ ناو شیعری كوردی‌و تێكەڵاوبوونی شاعیر لەگەڵ كێشه مرۆییەكانی ئەو سەردەمه، كه سەردەمی نێوان شەڕی یەكەم‌و دووەم بوو، پاشان لەدوای شەڕی دووەمی جیهان ئەو كێشانه كەوتنه دۆخ‌و باری جیاوازەوه. ئەو تێكەڵبوونه كەسایەتی گۆران–ی بەرەو ئاقارێكی بەرینتر بردو كردی بەزمانحاڵی سەردەمی جەنجاڵی شەڕو ململانێی ئاشتی‌و مانەوەی بەها مرۆییەكان.

ئەگەرچی كاریگەری ئەو جۆره رووداوانه لای هەندێك شاعیری تریش رەنگی داوەتەوه وەكی مەلا حەمدوون‌و زێوەرو بێكەس، بەڵام لەلای گۆران پەڕیووەتەوه ناو كەسایەتی شاعیرو بۆته بەشێكی گرنگ لەكەسایەتییه ئەدەبییەكەی.

ئاراستەی پێچەوانەی ئەوەش ئەو زیانه هونەرییەی ئەو جۆره تێكەڵاوبوونه لەلایەنی شیعریەتی شاعیری‌داوه، ئەوه كێشەی مەسەله گەورەكانه كه مامەڵەكردن لەگەڵیان كارێكی زەحمەت‌و دژوارەو كەمجار شاعیر دەتوانێ فریای شیعرییەت بكەوێ تێیاندا. بۆیه دەبینین شیعره رۆمانسیەكانی گۆران شیعرییەتێكی بێ پایان ناسك‌و مرۆییانەیان تێدایه كەچی بەشێك لەشیعره سیاسییەكانی تا ئاستی دروشم لەڕاستەوخۆیی نزیك بۆتەوه.

گۆران جگه لەشیعر، كۆمەڵه وتارێكی ئەدەبی نوسیووەو پەنجەرەی لەڕووی زۆر بابەتی شیعریی خۆمانەو بێگانه كردۆتەوەو چەندین بەرهەمی هەمەجۆریشی لەزمانی عەرەبی‌و ئینگلیزی وەرگێڕاوەو لەكۆتایی ژیانیشدا ماوەیەك موحازەرەی پێشكەش بەقوتابیانی بەشی كوردی كۆلیجی ئەدەبیاتی بەغدا كردووەو ماوەیەكیش سەرنووسەری رۆژنامەی "ژین" بووه لەسلێمانی‌و لەڕۆژانی شەڕی دووەمی جیهانیشدا چۆته یافاو لەوێ سەرپەرشتی بەشی كوردی رادیۆی ئینگلیزەكانی كردووه لەدژی فاشیەت.

لەڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا بەناوی خۆی‌و بەناوی "خورشید" چەندین بەرهەمی بڵاوكردۆتەوه كه هەموویان گەواهی پێشەنگی لەزەوق‌و سەلیقەو توانای فیكری‌و ئەدەبی گۆران دەردەخەن.

لەگۆرانم پرسی: شاعیری راستەقینه ئەبێ چۆن بێ؟

وتی: سەیری ئەم فەرشه بكه كه لەبەردەمتدایه، بەم رەنگ‌و گوڵانەی تێیدایه، چێژی ساكارو سادەو چێژی هونەرمەندانەی شاعیر جیادەكەیتەوه.

چۆن؟

لەیەكێكی ساكار بپرسه: كام گوڵ‌و كامه رەنگت بەدڵه؟

دەڵێ: سووره زەقەكه.. كەچی شاعیر بۆ رەنگه كاڵەكانی دەوروبەری ئەو رەنگه زەقه دەگەڕێ! ئەم بیرەوەرییه كاكەی بەفلاح دەیگێڕێتەوەو دەڵێ: گۆران حەزی لەڕەنگی كاڵ بووه.

**ئەگەر خیلقەت نسیبی عومری تۆی مەحكومی ئەم دەوره نەكردایه، خوا عالم لەكام عەرشت كه سوداوێن.**